هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکووک پێوایە ... جیهاد موحەمەد

پێوایەتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک نابێت بکرێت بە دەستکەوتی حیزبەکان. بەڵکو دەبێت بکرێت بە دەستکەوتی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی شاری کەرکوک و دەوروبەری.

ئاڵای کوردستان دەبوو لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕینەوە، یان لە یەکەم ڕۆژی ڕوخانی ڕژێمی فاشی سەددام و بەعسیەکانەوە لە کەرکوک و لەسەر هەموو ناوچە کوردیەکان یان ناوچە و دەڤەر و شار و شارۆچکە کوردستانییەکان هەڵبکرایە. بەڵام نەک ئەمە نەکرا، بەڵکو کاتێک (ئاغای مەتاری) ئێرانیی هات بە سڵەمانی بە پڵە یەکەتی نیشتیمانی لە هەرچ شوێنێکدا ئاڵای کوردستان هەڵکرابوو دایانگرت!، تەنانەت وێنەی هەواسراوی قازی محەمەدیشیان دەشاردەوە، ئەم ترسنۆکییەی یەکەتی نیشتیمانی نابێت لە بیر بکرێت. پارتیەکانیش لە ڕۆژگاری فرانسە حەریری ڕەحمەتیەوە شەڕیان بە مامۆستا شێرکۆ بێکەس دەفرۆشت لە پەرلەماندا لەسەر ئەوەی کە دایانوت: "دەبێت ئاڵای عێراق لە پەرلەماندا هەڵکرێت". ئێستاش موزایەدەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی دەکەن.

حەقیقەتێکی تریش ئەوەیە مادام ئاڵای کوردستان ئێستا دەشکێتەوە لە کەرکودا ئاڵای تورکمانەکانیش وەک کەمینەیەک حەقی خۆیانە هەیکەن و بشکێتەوە. تەنانەت ئەگەر شاری کەرکوک بە تەواوەتی بشگۆڕێتەوە سەر کوردستان تورکمانەکان حەقی خۆیانە ئاڵای خۆیان هەڵکەن.

یان ئەوەتا دەبێت کورد و عەرەب و تورکمان پێکەوە ئاڵایەکی تایبەتی بە شارەکەی خۆیان دروستبکەن بە لێتێگەیشتن، چونکە هیچ نەتەوەیەک بۆی نییە مافی نەتەوەیەکی تر پێشلبکات ئەگەر دیموکراتیەت و پێوایەتیمان دەوێت!. لە حاڵەتێکی واشدا ئاڵای کوردستان و ئاڵای گشتی پێکهاتەکانی کەرکوک پێکەوە هەڵدەکرێت، کە بە بۆای من ئەمە باشترین چارەسەرە، خۆ ئەگەر کەرکوک نەشگۆڕێتەوە سەر کوردستان و بکرێت بە هەرێمێکی تایبەتی، ئەوە زۆر ئاسایە ئاڵای خۆی هەبێت و لەگەڵیشیدا ئاڵای کوردستان هەڵکرێت.

کورد سەد ساڵە داوای کوردستانی بوونی کەرکوک دەکات، خەباتی بۆ دەکات، مافی خۆی وەران دەکات، خوێنی بۆ دەڕژێت، یەکەک دەڵێت، "کەرکوک دڵی کوردستانە" و ئاوێدی دەڵێت "کەرکوک قودسی" کوردستانە، بەڵام ئەمانە بۆو واتایە نایەت کە کاتێک دەستەاتی هەبوو مافی نەتەوە و کەمینەکانی دیکە پشێلبکات، بۆیە هەڵکرندی ئالای کوردستان بە پیرۆزایی و سنگ دەرپەڕاندن نابێت، دەبێت هەڵکردنی ئالای کوردستان ببێت بە مایەیی پکەوە ژیان و هەستکردن بە (ئەمان) لە لای هەموو پێکهاتەکانی شاری کەرکوک و دەوروبەری. خۆگەر مەسەلەکەش ئاوێیە کە تورکمانەکان لە کەرکودا کەمینەن، کەواتە دەبێت بڕیەن سەدام و ڕژمە فاشیەکەی حەقی خۆیان بوو کوردیان دەچەوساندەوە، چونکە ئەمەش لە عەراقدا کەمینە بووین.

هەرچ مافێک بە ناعەقڵانی و بە پشێلکردنی مافی بەرامبەر و بە ستەم بە دەستهات، ئاوە خۆی لە خۆیدا ستەمکاری و زەردارییە. هەموو ئەوانەی تانها پیرۆزبایی دەکەن و بیر لە پکەوە ژیانی خەڵکی کەرکوک و ئاشتی و ئاشتەوایی ناکەنەوە، تانەگەن، یان خۆیان لە خۆیاندا کەسان و لایەنی نەژاند پەرست و قەومچین، یان موزایەدەی سیاسیی دەکەن. خۆگەر نەجمەدین کەریم و ئانجووەمانی کەرکوک بە ڕاستی دڵیانەوەت ئەم ئاڵایە بەردوامبێت، ئەم ئاڵایە ببێت بە مایەیی پکەوە ژیان و خۆشی و بەختەوەری ئاوە پێش سنگدرپەڕاندن و نەعرەتەی قەومی دەبێت ئاو پێیامە بگەیەنن بە عەرەب و تورکمان و هەموو لایەک کە مەبەست لە هەڵکردنی ئەم ئاڵایە پشێلکردنی مافی هیچ نەتەوە و کەمینەیەک نییە و ئەمەش لەسەر ئەرزی واقیع پراکتیزە بکەن.

هەڵکردنی ئەم ئاڵایەی کوردستان دەبێت هێندە بە پشوودرێژی و بە عەقڵانییانە بێت، هەموو حەق و کینەی تورکمانە ڕەگەزپەرستەکان و عەرەبە شۆڤینیستەکان و کوردە نەژادپەرستەکان خاوبکاتەوە. ئەم ئاڵایە دەبێت چەکەکی عەقڵانییانە بێت بە لێدانی ناعەقڵانیەتی ئاو نەتەوەپەرستییەی کە لاوەتی عەراق کراوە بە دەوڵەت فووی تێدەکرێت و هەڵئاوسەنرێت، لەم پناوەشدا خوێنی دڵیان و سەدان هەزار هاوڵاتی لە کورد و لە عەرەب و لە تورکمان ڕژێنرا، ماڵی دڵیان هەزار خەزان وێرانکرا، دڵیان هەزار کەس لە سێدارە دران، دڵیان هەزار گوند و دێڤار وێرانکران، ئەمەی کورد جینسایدکراین، ئەنفالکراین، کیمیابارانکراین، دەبێت ئەم هەڵئاوسانە ناعەقڵانییە فشبکرێتەوە بۆی کە هەموو پکهاتە کەرکوکیەکان بەرژەوەندی پکەوە ژیان و خۆشویستی و ڕێزگرتن لە کولتووری یەکتری بنەمای

سەرکی ژیانکی بەختەوەر بیان. تەنانەت هەڵکردنی ئەم ئاڵایە دەتوانرێت بکرێت بە دەستپێکێکی عەقڵانیانە بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتێکی کوردستانی) لە جیاتی ئەو دەوڵەتە کوردییەی پارتی موزایەدەی پەوەدەکات و بە حساب تورکیای هەڵگرپرست پشتیوانی دەکات، کەچی ئەوەتا لەسەر ئەم ئاڵایە هەڕەشەمان لێدەکەن و هاتوهاواریانە. دەوڵەتی کوردستانی بەو واتایەی کە مافی هەموو پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان لە ژێر سایەیدا بگێن بە مافەکانی خۆیان و خۆشبژی و بەختەوەری و پێکەوەژیان فەرهام بکرێت بیان.

ئەگەر ئەم کارە نەکرێت، ئەوە هەڵکردنی ئەم ئاڵایە لە لایەک تەنها خزمەتی لە موزایەدەی سیاسییدا دەبینرێتەوە و مەبەستە لێی لە بیربردنەوەی کێشە سەرەکییەکانی ژیانی گشتی خەڵکە، جگە لەوەش ئەم ئاڵایە ڕق و کینەی نەتەوەپەرستی ئەستورتر دەکات، لە جیاتی خۆشی هێنان و بەختەوەری و ئارامی و ئاسایش دروستکردن دەبێت بە مایەی خوێنڕشتن و شەڕ و ئاژاوە، کە پەم وایە ئەوەتی کورد خەبات دەکات بۆ ڕزگاری و ئازادی بۆ دەست ئەم ناعەقڵانیەتەوە دەناڕەت، کێشەی کورد کێشەی نەبوونی دیموکراتی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیە، دەربەدرکردنی کوردەکان لە شار و ناوچەکانی خۆیاندا لە ناعەقڵانیەتی حکومەتەکانی عێراق و قۆمچێتی و شۆڤێنێتی عەرەب و تورکمانەوە هاتووە، سەرچاوەی ئەم ناعەقڵانییە، ئەم کولتوورە سیاسییە هەگرپرستە لە پێش هەموو نەتەوە و کەمینەیەکدا کورد سوودی لەوەردەگرێت. ئەگەر کورد خاوەنی سیاسەتێکی سەردەمیانەی عەقڵانییە، با هەوڵبدات بۆ لەبەرگێشتن و دامەزراندنی کولتوورێکی سیاسیی دیموکراتییانە چارەسەری کێشەکان بکات، نەک بە ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە. ڕق و کینە و تۆڵەسەندنەوە هیچ کات لە بەرژەوەندی خەڵکی هەشووت نییە، بەڵکو سیاسەتێکی نا ئینسانیانەی دەستە و تاقمە سیاسییەکان کە هەر لایەنێک دوکانێکی سیاسی دروستکردووە و هەزەکی گەورەی لە خەڵکی هەشووتی ناهۆشیاری پێکەوە ناوە،کە بە ناچاری ئەو خەڵکە لە پەناوەی ژیانی هەژانەی خۆیان و منداڵەکانییاندا بوون بە چەکداری ئەو هەزە میلیشیایانە. ئەم هەزە هەڤتار فاشیانە بە ناوی کوردایەتی و بە ناوی تورکمانچێتی و بە ناوی عروبەوە درێژە بە سیاسەتی گەاوی خۆیان و داگیرکاریی دەدەن و خوێنی میللەت دەمژن و شەڕکانییان درێژە پێدەری سیاسەتە داگیرکاریی و ستەمکارییەکانیانە.

جیهاد موحەمەد
۲۹/۳/۲۱۰۷

سلێمانی

تۆرێ کچ … ستارئ ئەحمەد

هەموو شەوێك
خەرمانێك گومان
دونیایەك بێ متمانەیی
زەمینێك بەردو
ئاسمانێك کینە
بەسەرما دەبارێنە
دڵەوات دەسماڵێك تاریکی
بەروانکەیەك حەسرەت
لە رەحی خەی دەئاڵێنە
بە بەیانی
بەکەمەڵك بیانوو
جگەیەك گللەیی و
رووبارێك نەفرەت دەتەوێ
خەشەویستی زامدار دەکات
شیعر بە گۆ هەڵەشێنە
شەوانیش کات لەژان دەدات
جەژوان لەگۆ مارێ دەبڵەت
من دەباتە خەوەتگای شەتان
بەدەستی خەی خەشی دەکوژەت
وتەی زاری
لەنەخەرو گومەاییەکان
هەڵکەشاوێ
مەمك لای ئەو نارنجکێ
دەم گەکانی تەزاب و
ژەهرو جوێنە
ناونیشانی عەشق و ئینسان
سوتماکی پاشماوەی خوێنە
نەبروای بەوشەی خوداو
هەست و گیانە

نەدیشی کانگای شیعرو
سەزی خاك و نیشتمانە
کچکە لەشەوی تەور
دەبەت بەتەم
رەحی دەبیت بەتیلەی هەور
چاوکانی بزەی بارانی نەدیوە
دە لەژەر پەدا دەدونە
پەنجە بەجەستەی هەتاوا دەکات
بەسە بەجوانی هەدەچنە
تەنها ئەم شیعرەم دەتوانە
ناوەك جوانی بە دابنە

بە مـــــــــــورتەزەقەکردن و میلیشیاییکردنی گەلانی ناوچەکە بەردەوامە -1-… جیهاد محەمەد

بەشی یەکەم

هەزی مورتەزەقە و میلیشیایی بەو هەزانە دەوترەت کە نیشتیمانیی نین، ئەو هەزانەی بە هیچ حسابکردنەك بە پرنسیپی ئەخلاقیاتی سوپایی و نیشتیمانپەروەریی و مرۆڤدۆستییەك دروستدەکرەن. لەگەڵ ئەوەشدا بە ناوی نیشتیمانپەروەریی و پاراستنی سەروەریی نەتەوە و هەندەك جار بە ناوی پاراستنی سەروەریی دەوڵەت و هەندەك جاری تر بە ناوی پاراستنی دین و ئاینزاکانەوە دروستدەکرەن. واتە ئەم هەزانە هەندەك جار سەربە حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانن، هەندیک جاری دی سەربە دەوڵەتەکانن، بەکاریان دەنن بە بەرگریکردن لە دەوڵەت یان دین، یان پاراستنی ناوچەیەکی جوگرافیایی. لەگەڵ ئەوەی مورتەزەقە بەو تاك و میلیشییانە یان ئەو سوپایە دەوترەت کە بەکرەدگیرەن بە پاراستنی دەسەڵاتی پاشا یان حوکمانیەکی دەرەکی، یان بەکرەدگیرەن بە پاراستنی دەسەڵاتی ناوخە، بەڵام ئەوەی من تێبینی دەکەم لەم رۆژدا و لە ناوچەکەدا بە گشتی ئەستا جیاوازییەکی

ئووتە نەماوە لە نێوان هێزی میلیشیایی و هێزی مورتەزقەدا.

بە نموونە وەک هێزە میلیشیایەکەی حەسن نەسروا لە لوبناندا، کە چەند لە دژایەتیکردنی ئیسرائیل دروستبووە لەوە زیاتر بە بڕوودان و باڵادەستی هێژموونی دەوڵەتی ئیسلامیی شیعەگرایی دروستبووە. هێزەکانی حەماس لە فەلەستیندا، هێزەکانی بەسیج و پاسدار لە سەردەمی شای ئێران/عێراقدا، هێزەکانی حەشدی شەعبی ئێستا لە عێراقدا، هێزی جاش کوردەکان دژی پێشمەرگە و شۆڕشی گەلی کورد. ئێستا لە کوردستاندا لیوا تایبەتەکان، حەشدی شەعبی لە کورد، حەشدی وەتەنی کە پارتی و سونەکان خۆریکی دامەزراندنین، ئەو هێزەی کە لە ئەنەکەسە و هێزەکی پارتی بە سەرپەرشتی ٢١ ئەفسەری توریکی پەلاماری شنگاڵ و هێزی پەکەکەیان دا، هەروەها ئەو هێزانەی کە ئێستا وا بەیارەوە لە کوردستاندا دروستبکرێت و سەرەتاکانی دەرکەوتوون.
لە پێش هەموو ئەمانەشەوە هێزە تیرۆرستییەکان کە بە دەیان گروپ و هێزن، لە هەموویان زیاتر و گەورەتر و ترسناکتر هێزەکانی داعش بوو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا وەک قارچک هەڵتەقین بە بروسکە و هەورەتریشقەی ئەو هەورە ڕەشە چەکنەی بیریی شۆڕنگیزی و شۆڕخوازی کە سەرتاپای ناوچەکە و بە تایبەتی وڵاتی سوریایی گرتەوە. هەموو ئەم هێزانە خۆیان نەک بە بکرێگیراو و میلیشیایی نازانن، بەڵکو خۆیان بە نیشتیمانیی و نیشتیمانپەروەر دەزانن، تەنانەت کاتی خۆی کە بە سەتان هەزار جاش بکرێگیراوی ژێمی فاشی بەعسیەکان بوون بەناوی ئووە ئەم کارەیان دەکرد کە گەنجانی کورد لە شەڕی عێراق/ئێران بپارێزن، یەکێک لە سەرۆک جاشە گەورەکانی خۆی جاف دەیگوت: "دەبێت گەلی کورد مەمنوونی من بێت کە توانیومە پێنج هەزار گەنجی خۆمکەم بپارێزم لە تووگلانی شەڕی ئیران/عێراق"، هەندێکیش لە مەفرەزە تایبەتەکان دەیانگوت "ئێمە کوڕی بارزانین و بە ئەمری بارزانی بووین بە چەکداری حکومەت و دەماوەت ئاوە پێشمەرگەی یەکێتی نیشتیمانی بکەین، چونکە ئەمانە جاشی ئێرانن".

مەرج نییە بکرێگرتنی ئەم هێزانە بە پارە و پول و پەدانی موچەی چەور بێت، زۆر جار دەسەاتە سیاسییەکان و حومکەانەکان بە سیاسەتی بڕپاکردنی بکارییەکی زۆر، کە زۆر جار دەگاتە لەسەدا ٢٠ی بکاری خۆیک ناچار دەکەن لە پێناوی دابنیکردنی موچەکەی مەمرێ و مەژیی پێنابڕن بە چەک هەڵگرتن و دەبن بە چەکدارای مورتەزقە و میلیشیایی، هەندێک جاری تر بە بڕپاکردنی نەبونی ئاسایش و ترس و تەقاندنی ئووانەی کە سڤیلن و چەکدار نین، هەندێک جاری تر بەناوی

هەزی نیشتیمانیی و بەرگریکردن لە نەتەوە و مافی نەتەوە، یان بەرگریکردن لە دین و ئاینزاکان، یان بەرگریکردن لە سەروەریی یاسا و دەستەاتی یاسایی ئەم هەزگەلە دروستدەکرێت و بە دڵیان و ستان هەزار کەس چەکدار دەکرێن.

ئەم هەزانە هەموویان پێکەوە لەگەڵ سوپا دیسپلینکراوەکاندا، وەک سوپای جارانی عێراق و سوپای ئێران و سوپای ئێستای عێراق و هەزەکانی پێشمەرگە، هێزەها سوپا زبەلاحەکی تورکیا و سوریا، لە پشتیانەوە سیاستێکی هێندە نامرۆڤانە و ناعەقڵانییانە ئاوستاوە و هەڵیان دەسوڕێنێت، کە دڵیانەوێت زیاتر و زیاتر هەرچی عەقڵ و بیرکردنەوەیە لە لای گەلانی ناوچەکە بسڕنەوە و تووشی زیاتری نەعرەتی نەتەوەپەرستیی و سیکتاریزمی دینیی و ئاینزاییان بکەن. ئەمەش لە پەناوی درێژدان بە سیاستەکانی خۆیان، شەڕکردن و جەنگ درێژە پێدەری سیاستەکانییان و حومکەرانییەکانییانە. کە بە بەوای من سیاستی هیچ لایەنێک لەم لایەن و دەوڵەتانە نێک هەر عەقڵانی نییە بەڵکو زەر جار لە جیاتی دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا شەڕدەکەن و ماڵی خەڵکی وێران دەکەن، واتە لێرەدا دەتوانین پێیان بڵێین (مورتەزەق). پاساویشم ئەوەیە بە ئەم قسەیەم، کە هیچ کام لە گەلانی ئەم وڵاتانە، نە گەلی ئێران و نە گەلی عێراق و نەگەلی کورد و نەگەلانی تورکیا بە کورد و تورکەوە و نە گەلانی سوریا بە کورد و عەرەبەوە، سوودیان لە درێژە پێدانی جەنگ وەرنەگرتووە، بەڵکو ئەوەی سوودی وەرگرتووە تەنها دەتوانین بڵێین، حیزب و دەوڵەت و حوکمڕانەکانی ئەم ناوچەیە و کەمپانیا سەرمایەدارەکانی جیهانە، کە بە هەزاران و دیان هەزار ملیار دۆلاریان لەم شەڕو جەنگانەدا دەستکەوت بووە. کەواتە ئەم هەز و لەشکرانە هەم میلیشیایین بۆ واتایەکی کە دیسپلینی سوپاییان نییە و نیشتیمانیی نین، هەم مورتەزەقن بۆ واتایەکی بە بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان چەکدار نەکراون. ئەمەش کارەساتە و کارەسات بە دوای خۆیدا دێنێت. گرنگیشە کە ناوی سوپای دیسپلینکراو بە ئەخلاقیات و تەکتیک و ستراتیژیی سوپایی دەبین، ئەوە بزانین کە هیچ سوپایەک لەم سوپایانە نیشتیمانیی نین، بەڵکو لە پەناوی پاراستنی حوکمڕانە ستەمکارەکاندان. لە مێژوویەکی دوور و درێژی ئەم سوپایانەدا دوو جار کاری وایان کردووە کە بەنی نیشتیمانپەروەریی لە بێت، جارێک لە شاری ئیسرائیلدا کە سەرکەوتنیان بە دەستهێنا، جاریکی تریش لە شاری ئیخوانەکان و حوکمی یەک ساڵەی ئیخوانەکاندا لە میسر، کە دێنیام ئەگەر تیشکی سەوزی ئەمریکا نەبوایە و ئەمریکا نەیجوێاندنایە ئەوەشیان نەدەکرد.

کارساتی گەورەتریش ئەوەیە، کە هیچ هێزێکی سیاسیی عەقڵانی لە ئارادا نییە، بتوانێت بەرامبەر بەو هەموو هێزە داگیرکاریيە بوەستێتەوە. ئەم ناعەقڵانیەتە، ئەم شێت و جەنگ و ماوەپارنییە کە لە دیان فەرمدا خەی دەبینێتەوە و بە دیان ناوەوە چەخماخە لێدەدات و هێدەگیرسێت، وەک کەوتنەوەی ئاگرێک وایە کە تێ و وشک پێکەوە دەستوتێنێت، هەرچی زیندەورە و بونەوەرە لەگێ خەیدا ئایدماڵێت و دەیسوتێنێت. کەپەی ئەم ئاگرە دەمەکە بەربەتە گیانی مرۆڤکانی ئەم ناوچەیە، هەر لەسەردەمی داگیرکاریی ئیسلام و(فتوحاتی)ئیسلامەوە زیاتر ئەم ئاگرە تینی سەندوە، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی لە ناوبرا و زلهێزە داگیارکارییەکانی بەریتانیا و فەرەنسا ئەم ناوچەنیان داگیرکرد و دابەشیانکرد بە سەر خەیاندا، کاتەکیش چونە دەرەوە، دەوڵەتگەلەکیان دروستکرد بە ناوی دەوڵەتانی نیشتیمانییەوە، بریسکەی ئەم ئاگرە نەک نەکوژایەوە بەڵکو کردیان بە ژیملەمەیەکی گەرم و پە لە بریسکە و پشکە بە ئەوەی هەرچ کات ویستیان بە ئاسانی هەڵیگیرسێننەوە و شێ و ئاژاوەیەکی دیکەی پە بەرپا بکەن. ساە بە ساە و دەیە بە دەیە، تین و کەپەی ئەم ئاگرە ناعەقڵانییە زیاتر و زیاتر دەبێت. تووندووتیژی و شێخوازی و دواکەوتوویی و کولتووری خێ و تایەفگەرێتیی و سیکتاریزمیی بە جۆرێک بەربەاو بووە کە دەتوانم بڵێم زەر جار ئەو هێز و حیزبە عەقلانیانەشی گرتەوە کە خاوەنی فەلسەفەیەکی ئینسانیبوون و بە فەلسەفە و جیهانبینییەکی ئینساندۆستی و چەپگەرایی و مارکسیێت ئەندامان و لایەنگرانی خەیان پەروەردەکردووە.
بە مورتەزەقکردن و میلیشیایکردنی گەلانی ناوچەکە

ئەوە تەماشاکەن!، هەموو ئەوانەی پەی دەگوترێت ڕەوایەتی و حەق، ڕەوا و حەقن و کەسیش ناتوانێت نوکەی بکات لە ڕەوایەتی زەرەک لەو مەسەلانە:
ــ وەک مافی گەلی کورد بە دیاریکردنی چارەنووسی خەی، سەربەخەیی کوردستان و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان.
ــ وەک مافی تورکمانەکان و پێشێلنەکردنی مافیان، وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی لە کەرکوک و هەندە ناوچەی دیکەدا و هەروەها بەشەک لە پێکهاتەی عەراق.
ــ وەک دوورخستنەوەی ستەم لەسەر شیعەکان و دژایەتیکردنی ستەمی سونەن.
ــ وەک دژایەتیکردنی سوونەن بە هەژموونی ئەران لەسەر عەراق و هەموو ئەو ناحەقی و ستەمەی لەیانکرا لە لاین ئەران وشیعەکانی

عێراقەوە.
ـــ وەک نەسڕینەوەی دین و ئایینزاکان و دژایەتینەرکردنییان بەو شێوەیەی کە قەدەغەیان بکات.
ـــ وەک ئەو ئازادییەی کە لیبراڵەکان و چەپەکان خوازیارین.

ـــ وەک مافی مرۆڤ و فەراهەمکردنی کولتوور و سیستمی دیمکوراتی و سیستمی عەلمانییەتی و حوکمڕانییەکی دادپەروەرانە، کە هیچ دین و ئایینزایەک نەسڕێتەوە، هیچ جیاکارییەک نەکات بە ناوی جیاوازی توخم و ڕەگەز و پێست و زمانە جیاوازەکانەوە، چاکسازییەکی بنەڕەتی لە پرسەی پەروەردە و تەندروستییدا، نەهێشتنی گەندەڵی و دزی و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی نەتەوە و نیشتیمان، دژیان داواکاری لەم جۆرانە، هەمووپان ڕەوان، هەموو ئەم داواکرایانە بوون بە دروشمی ئاڵاو و وتەای ئەم حیز و هێز و حوکمڕانانەی ناوچەکە، لە ژێر ناوی ئەم ڕەوایەتیانەوە دژیان شەڕ و پەلاماردان و هێرش و جەنگ دروستدەکرێت، کەواتە هەموو ئەم ڕەوایەتییانە بوون بە بریسکە و کپەی ئەو ئاگارە نا عەقڵانییەی کە ئاماژەمان پێدا. کەواتە ماف و حەق و ڕەوایەتییەکان کراون بە چەکێک بە بڕوودان بە سیکتاریمزیی و بەرژەوەندخوازی و شەڕ و تووندووتیژی. ڕەنگە باشترین گوتە لەردا ئەوە بێت کە دەگوترێت:"الحق یراد بها باطل" هەموو ئەمانە ڕەوان بەناو دەکرێن بە خەراک لە پێناوی ژیانێکی ناهەموار و پوچ و خاڵیی لە مرۆڤایەتیی و مرۆڤبوون.

لەڕەوە دەمەوێت سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە چۆن ئەم هێزە سیاسییانە جگە لەوەی متمانەیان بە یەکتری نەماوە و لە هەمان کاتدا هەمووپان بەرژەوەندیان لە درێژە پێدانی ئەم ناعەقڵانیەت و بەردەوامبوونی کپەی ئاگاری ئەم جەنگ و شەرخوازییەدا هەیە، بانگەشتکردنەکانیان بە ئەو ڕەوایەتی و حەقانە، دەکەن بە بیرەکی هێندە سیکتاریزمیانە کە دەبێت بە هێڵی سور و تەنها و تەنها خەیان دەخوێننەوە و ماف و حەقەکانی خەیان دەخنە سەروو ماف و حەقی بەرامبەرەکانییان. بە نموونە، بە ناوی مافی کورد و ئالای کوردستان و دەوڵەتی کوردی کە داوایەکی ڕەوا و حەقە، بەناو ئەم داواکارییە ڕەواو حەقە، ناعەقڵانیەتییەکەی لەوەدایە، کە دەکرێت بە بازرگارنێتی و حیزبەکان بازرگانیی پێوە دەکەن، بەیە وا هانی خەڵک دەدەن بە سەندنی ئەم حەقە، کە مافی تورکمان و عەرەب لە کەرکوکدا پێشلبکرێت و بیانسڕنەوە، لە جیاتی ئەوەی کە تورکمانەکان و عەرەبەکان دنیابکەنەوە کە لە حاڵەتی بە کوردستانی کردنی کەرکوکدا، یان لە حاڵەتی بە هەرەم کردنی ئەم شارەدا، بە هیچ

جەرگ زیان ناکەن لە هووی نەتەوەیی و مافی مرۆڤەوە.

لەولاشەوە تورکمانەکان، هێندە بە سیکتاریزمیانەو داگیرکەرانە خەیان ئاهەنگاوە بە ناوی بەرگریکردن لە مافی خەیان وەک پێکهاتەیەکی کەرکوکی و عێراقی، نەعرەتی ئەو نەتەوە پەرستییەیان هێندە ناعەقڵانییە کە دەڵێن نەک کەرکوک بەکو هەولێریش شارێکی تورکمانییە.

لە لای سێیەم و چوارەمیشەوە سوننە و شیعەی شۆڤێنیست بە پاپشت و هاندانی تورکیا بە سوونەکان و ئێران بە شیعەکان، لە جیاتی ئەوەی سنگیان فراوان بێت بەرامبەر بە گەلی کوردی شەریکیان، کە پێکەوە لە عێراقدا دەستوریان نووسیوەتەوە، پێکەوە عێراقیان پێکهیناوەتەوە، پێکەوە لە پەرلەماندان، پێکەوە لە حکومەتی عێراقدان، کەچی بە بۆنەی مەسەلەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بکەن بە پڕۆژەیەک بە دراسەکردن لە پەرلەماندا بە ناحەقی و بە هەزی زەرینەی فراکسۆنی شیعە و سوننە لەگەڵ تورکمانەکان بەسەر کەمینەی فراکسۆنەکانی کورد لە پەرلەماندا، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوکدا ڕەتدەکەنەوە و دێکەن بە بیار، کە دەبوو ئەم بیارە بخەنە بەردەم دادگای فیدراڵی عێراق.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا داوایانکرد کە تێگەیشتن دروستبێت لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە عێراقدا، هەردوو لایەنی کوردی شیعە و سوننە و تورکمان هەرچ لایەک بە هەڵە خوێندنەوەی بە ئەو پەیامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، تورکمانەکان شایلەغانیان بوو کە گوایە نەتەوە یەکگرتووەکان ئازی نین بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوکدا و کوردیش کەوتبوونە هاتوهاور کە ئەو ناحەقیە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیکات، بە ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی هەڵکردنی ئەو ئاڵایەی کردبێت.

ئەردەغان و تورکە ڕەگەزپەرستەکانیش، کە گرەبەستی ٥٠ساڵە نەوتفرۆشتنی کوردستانییان لەگەڵ پارتی واژە کردووە کە لە ڕەگەی بەریە نەوتەکانی تورکیاوە بێت، لەگەڵ پارتیدا بوون بە گەورەترین دەستی یەکتری، بەرژەوەندیەکی زەریان لە کوردستاندا هەیە، کەچی بە خۆشکردنی ئاگرەکە هەڵەشە لە کورد و کەرکوک دەکەن لەسەر هەڵکردنی ئەو ئاڵایە، بە ناوی ئەوەی کە کەرکوکی شارێکی تورکمانییە.

لە هەموو ئەمانە سەیرتر ئەوەیە، لە کاتێکدا نەعرەتی پارتی بە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی گوێچکە کە دەکات، کەچی لە دەڤەرە پێیان

ناخۆشە کە یەکێتی دەستپێشخەریکردووە بۆ هەڵکردنی ئاو ئالایێ لە کەرکوکدا، واش پێدەچێت یەکێتی بۆ موزایەدەکردن بەرامبەر بە دەستپێشخەرییەکەی پارتی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ئەم کارەی کردبێت.

هەبژاردن چی لە دنیای ئەمەدەگێت؟ … عەزیز هەئووف

(کاری پارلەمانی دەبێت دوایین قۆناغی چالاکی هەرمیللەتێك بێت... ئەندرێ مالرۆ)
بە تێواڕینمان بۆ دنیای سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەمە هەست بە برینەکان دەکەن و قەیرانەکان دەبینین. زۆرێك پێیان وایە کۆمەڵگە بە دەسکاریکردنی کەی دامەزراوەکان و دەسەڵاتەکان قەیرانەکانی چارەسەر دەبن، هەشت ئەوانەی پێیان وایە کە دەکرێت لە خوارەوە و لە دروستکردنی تاکی هوشیار و ئازادەوە دەست بە باشترکردن و جوانکردنی دنیای خۆمان بکەین.

ئەوەی گرنگە هەوڵستەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە لە کوێدا قسە لەسەر کۆمەڵگە دەکەین و لەکوێدا دەتوانین پنتەکانی بناسینەوە؟ لە کوێدا قسە لەسەر دەسەڵاتەکان دەکەین و چۆن دەتوانین دەسکاری دامەزراوە و ئۆفیسەکان بکەین بەجۆرێك لەگەڵ کەی خەم و ئازارەکانی کۆمەڵگەدا بگونجێت؟
بۆ ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەك بتوانێت نوێنەری ڕاستەقینە هەبژێرێت، پێویستی بە زیاد لە دەرکەوتەیەکە، پێویستی بە زیاد لە پرنسیپێکە تا هەبژاردن بەشێوەیەکی پێزەتیڤ ڕووەوی خەی لە کۆمەڵگەدا وەرگرێت. ئەمە لە کۆمەڵگەیەکدا ژیان دەکەین کە هێشتا شتێك بەناوی ئازادی تاك بوونی نیە. تا ئەم چرکەساتەش مێنتاڵیتی خێڵ زاڵە و سەرۆك عەشیرەتێك دەتوانێت بەناوی کەی عەشیرەتەکەیەوە بۆیار بدات و بە دەنگەکانی هاوکێشەی هەبژاردن بگۆڕێت، ئێستاش پیاوێکی کۆمەڵایەتی یان ئایینی دەتوانێت بەناوی کەی بنەماڵە و خزانەکەیەوە بۆیار بدات بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات ئەمە لەدنیایەکدا ژیان دەکەین کە گەنجەکان هەگری دید و تێواڕینی ترن

بۆ دنیا و ژیان و ئازادیە تاکەکەسیەکان.
هەربۆیە تا ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا پیایەکانی خۆڕ و خوێن بەهێزن و بەشێکی زۆری دەنگدەری کوردی بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە بۆیار دەدات نەك وەستان لەسەر پرۆژە و بەرنامەی لایەنەکان. بۆیە بە فەراهەم کردنی ئازادی بۆتاکەکان و فریکردنیان بەوەی چۆن بۆیار دەدەن و لەکوێدا دەڕۆن بەڵ و لەکوێدا بە نەخێر و هەتکردنەوە ئای خۆیان دەببڕن، تاکە هەنگاوە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و گۆڕانەوەی بەها بۆ هەڵبژاردن و دیاریکردنی نوێنەری ئاستەقینەی گەل لە دامەزراوەی بۆیاردانداکە پارلەمانە یان دەسەڵاتە خۆجێیەکان کە پایوەستە بە نوێنەری پارێزگاکان.

بیرمانە لەدوای هەڵبژردنی ساڵی 1992 کۆمەڵگەی کوردی توشی شەڵکی ناوخۆ بوو لەبەر هیچ نا لەبەر قبوڵنەکردنی نەتیجەکانی هەڵبژاردن و هەر لایەنە و خێی لە هەڵگری ئاستیەکان دەزانی کە نەدەبوو کەمینە بێت و دژانقبوڵنەکردن یەکێك بوو لە خەسڵەتەکانی نەتیجەی هەڵبژاردنەکانی ئەوکاتە. ئەمەش دروست سەلمێنەری ئەو ئاستیە بوو کە دەبوو کۆمەڵگە بە کۆمەڵك لەمپەری بەروەردەیی و هوشیاری تاك و ئازادیەکاندا تێپەڕێت نەك یەکسەر دوای ئاپەین بیخەیتە سەر سندوقەکانی دەنگدان. هەربۆیە بەر لەهەرشت دەبێت کۆمەڵگە دەبێت بە لەمپەرێکی گرنگی هوشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئازادی تاك و مافەکانیاندا تێپەڕێت تا دەگاتە ئەوەی لەنێو جیاوازیەکانی کۆمەڵگەدا چ لایەنێك شایەنی ئەوەیە حزکم بکات و تا چ ئادەیەکیش بەرامبەر قبووڵی دژان دەکات؟ بەبێ تێپەڕین بەم لەمپەرەدا قسەکردن لە هەڵبژاردن و قبووڵکردنی بردنەوە و دژان جگە لە نوکتەیەك هیچیتر نیە.
دەبێت هوشیاری تاکی کوردی تەنها لەڵگەی میدیاوە نەبێت بەڵکو دەبێت لە پەروەردەوە دەستپێبکرێت، ئەگەرنا دەنگدەری کورد تەنها میدیادەکاتە سەرچاوەی زانیاریەکانی و ئەو کاندیدانە تاقی دەکاتەوە کە لەڵی شاشەکانەوە لەبەرچاوانن، بەمەش پارلەمان و ئۆفیسی دەسەڵاتە خۆجێیەکان پێ دەبێت لە نوێنەری خراپ و نەشارەزا لە ئاست ماف و داخوازیەکانی خەڵك. لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی ئابردووداز زۆرمان لە کارەکتەری هەڵبژردراوی مەقەبا بینی کە دەنگی خەڵکی کردە پردێك بۆ ئیمتیاز و دەسکەوتی شەخسی.
بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی تەندروست بەڵ بخەین دەبێت کۆمەڵگەی کوردی لەم پەرتپەرتبوونە قوتار بکەین، کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا بەسەر چەندین گروپ و هێزی جیاوازدا پارت پەرت و دابەشکراوە.

ئەو سێوە ساردەم لە ئادەم وەرگرت ...سەباح ەنجدەر

ناوی پێشتری زەوی

بەکۆکەوتوو لەسەر ئەسپی چەتەیی نەکەوت خێی چەکی شانی دانا و لە چیاکانەوە بێ ناو مەلەوانگای شار هاتەخوارێ یادەوەری بیرکەوتەوە و بۆریی ئەوەی کرد قسە لەگەڵ خێیدا بکات و خەونی بە خۆوە بینیوی لێکبداتەوە لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەرئەوەی ویستی ئەسپ و ئوتێمبێل و کەپر و کێشك و ێگای تووش و شەقامی ئارام و پەنجەرە و ئاسێی پێکەوە خێش بوێ و ئاوازی زێریشی لەبارەی بەلەمی کاغەزین و کەشتیی نووح و ێووباری تەنك و لافاو کردە بەیت و داستان و خوێی نان تێپەێك بەفری چیای هێنا و لەسەر بەردی شەقامەکان تواندییەوە ویستی شەقام بە روخساری شێراویی پاکی بەیانیانی ببینێ چیاکان کەسیان تێدا نەمێنێت دەمرن باش لە دەشتایی ناچێتە دەرەوە زەوی وەك منداێی تێر شیر و خەو لە باوەشی چەکوشێکی ئاگریندا نوستووە و مێشی چەتوون لە بریندەکانی دەردەکات و بە ێکخستنە ساکارەکەی دەمێنێتەوە پێش ئەوەی مردوو بمرێت و شوێنێك هەبێت بێ ناشتن زەوی ناوی پەلکەزێینە بوو بێ کردنەوەی دەرگا کلیل لە قفێدا دەسووێ چیاکان ێوونا ك بوونەوە و سوارەکان لە دەمی ئاسێ هاتنەخوارەوە ئاسمان داگیرسا و دەچینە ناوییەوە ئێمە هەین وەك ئەستێرە و بۆریشین وەك بەیەکگەیشتی ەنگەکانی پەلکەزێینە ناوکی پشکێ ەنگی لە ەنگی پەلکەزێینە ماتترە

کانوونی دووەمی 2017 هەولێر

ئەو سێوە ساردەم لە ئادەم وەرگرت

دوای خوێندنەوەی دەست و خەتم خێم ێاهێناوە بچمە پیاسە و گفتوگێی چاو لەگەڵ کەژاوەکانی شەقام گەرم کەم و هیواکان وەك سێو بە تەنافی ێگاکانەوە کراون مەیان لێ دەێژێ گەواەیەك زەوی خێی نەدواندبوو بەسەر بێشەرمیی خێیدا ێژا و دەماری گرتم وەختبوو دەمارەکانم لەناو جەستەم بێنە دەرەوە و دەروونم بە تووەیی

بمێنێتەوە نیشتیمان دایەگەورە سنوورەکانت فریودەرن دڵی گەرمی بەیان و چاوی ڕۆشن دەبەخشنە چەتە بازوو بادراوەکان جەستەش لەناو درەختەکانە تەمبەڵی پاشەکەوت دەکات دەتوانن وەرزێك بێ خەیان هەبژێرن و سەری گەنجینەی تێدا هەڵدەنەوە ئەم جەستە پڕخوێن و برین و دەمار هەڵکێشراوە چەند بەرگەی ئەم جۆگەلەهەڵگرتنە دەگرێت دەست و خەتی نیشتیمانیان هێناوە پێش خۆی و لە هەموو شتێك گەیشت بە تووەییەوە ئێمەی لە باوەشی خۆی فڕێ دا و سەرمان بەو بەردە کەوت کە بوکان لە قووڵاییەکانی زەوی هەڵیدابووە دەرێ هەوا تاریك دابێ چاو هەموو شتێك دەبینێ خۆر ناتوانێت هەبێ بارکێکی گرانی لەسەر شانە لاولاوی لە ڕەگەوە قرتێندراو زوو بەلادادێ لەناو بەستانیشدا تەڕە بێ کەروێشك لەترازە و داربەرووەیەکی گەورەش لە پشت لانەی هەیە بە بای باڵی ئەو باڵندانە دەلەرزێتەوە بەسەری دەنیشنەوە باڵندە نەخشەی زەویان کێشا و دایانمەزراند منیان لەبەردەم ئاگر و جەنگدا بێ پەنا جێ هێشت و چوونەوە ئاسمان گوتیان هاتین و دەڕۆین دیسان دێتەوە وەك ئەوەی موگناتیسێك لە پشتی کاغەزێکدا بجووڵێنیت ئاوا منیان لە زەویدا جووڵاند لە دەستی چەپم ئادەم و حەوا لە پێش دەرگای ئەم کوخە ڕاوەستاون کە بڕی فڕێدراون تەماشای ئەو هەورانە دەکەن بە ڕوونی تێدەپەڕن و دەڕۆن لکەکانی دارسێو ساردە وەك دەست و قاچی مردوو

شوباتی 2017 هەولێر

لە ئێستای ئەم دەستنوێژگرتنەدا کەروێشك وشەیەکی گوت

لە دەمی جێگەیەکدا دەستنوێژم دەشوشت
هەتاویش لەپشت هەور خۆی دواخستبوو
لە ئێوارەی نزیك دەکردمەوە
کەروێشکێکی تێقیو لە بناردا هاتەخوارێ
ناوچەوانی گەرمی بە دەستی تەڕم وەنا و برین لە قووڵاییە
چاوی هەڵێنا و بە چاو داوای کرد
لە پێشەنگای کەلەپووردا تەماشای کەوێ بکە و هیچم لێ مەپرسە
سوارێك پێشکی ئاگر لە ناڵی ئەسپەکەی هەڵدەستا و هەڕەشە بوو
چاویشی لە شانەی کلاشینکۆف داڕژرابوو
خۆی هەیبژاردبوو
لێرە لە شوێنی دەستنوێژشوشتن و دەشتودەری ئازاددا
دوای ژانی ترسێك
دوای دنیابوون لە بیرکردنەوەی سەر بەردەباز
دوای ڕەوینەوەی تاریکی بەسەیەك

دوای تەنکبوونەوەی چاڵە قووڵ و پڕ ئاوەکان
دوای ئەوانەش زەوی مەتەڵکی منداڵانەی داینێ
وا خەریکە کەروێشکێکی پڕ لەسەر چەقۆ و قانەگیا
خۆڵی لانەیەك هەڵدەداتەوە و گەرموگوڕی ماڵە باوان ڕادەگەیەنێت
یەکەمجار کەروێشکێکی خرپن بە خەوێکی کورت زەوی هەڵکۆڵی و گەرمایی زەوی دەزییەوە
گژوگیاش تف ناکاتەوە

شوباتی 2017 هەولێر

شیعرێکی بەناونەکراوە

18/11/1965 ژیانم بەئاگاهێنایەوە 16/8/1989 بووك لە کەژاوە دابەزی و ژیان سادەتر بووەوە هاتە سەر ئەو سەکۆیەی دایکم نوێژی لەسەر دەکرد چەناگەی لەسەر سەری دانا و هەردوو دەستی بەرزکردەوە و پاشان لەناو جامێك ئاوی ووونی نا ئەی ئاسوودەیی هەردوو دیوی چیا بووکەکەم ناوکی ووناك بێت و هەور بجووڵێت هەور جووڵا
10/10/1990 یەکەمین نەخشی خودام نوقڵی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 5/6/1992 دووەمین نەخشی خودام نوقڵی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 17/4/1996 سێیەمین نەخشی خودام نوقڵی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 15/1/2001 چوارەمین نەخشی خودام نوقڵی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 6/7/2004 پێنجەمین نەخشی خودام نوقڵی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی 20/12/2007 شەشەمین نەخشی خودام نوقڵی بەیانیی جەژنی خستە دەستی دایکە زەوی
تا کاکاەی ڕۆح بەو مژووانەی نوقڵیان خستووەتە دەستی دایکە زەوی فڕیوم و ترپەکانی دڵیان ڕۆکخستووم و لە خۆشحاڵیدا چاوم درەوشاونەتەوە
ناوکی ووناك دەرگا بە سۆفی حەفت زەوی و ئاسمان بگرن تووەیی ووناکی هەمن بکەنەوە و ئەم شیعرەم بە باوبکەنەوە ئەو نوقڵ بەخشانەی لە شیعرەکەمدا خەونم جریواندوون تابووتەکەم لەسەر شان دانێن یان لەسەر پشتی ئەسپی حەساوەی دوای ئاو سێاوم هەیە سێاو خۆم باشم و هەموو شتەکیش شێوەی وەرگرتووە و شایەنی ئەوەن لە جەنگ ڕزگار بکرێن نەمریی پیاڵەی پڕ کردووم و نامەردان لەناو ئاوی ڕەش سەوڵیان لە دەست خزیی و چاوی شەرمەزاریان بردە ناو تفری لە مار جێماو ماڵەکەم لە ناوەڕاستی هەولێرە درەختی حەفت زەوی و ئاسمان لەبەر پەنجەرەکەم لە گەشە بەردەوامن و بنیان هێناوەتە ژوورێ هەر باڵندەیەك جارێك هەرجارێك بینیمیبێت دێتە ناو لك و پێپەکانیان

بۆنی شیعرە بۆاوکراوەکەم هەدەمژێ و دەچێتە ڕووناکی دیدارێك دەنگی بە بۆن بەرزدەبێتەوە ئەم ژیان بە ئاگاهێنەرە پێش چل ساڵی بووە پێغەمبەر

ئاداری 2017 هەولێر

بڵاوکراوەی ژمارە ١

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە...

[بۆ خوێندنەوەی ژمارە 1ی بڵاوکراوە کلیکی ئێرە بکەن ...]

تـــــــوانەوە ... شیعـــــــری: عەبدوڵەحمان فەرهادی

کە سەرماننایەوە
کتێبەکانمان
دەبنە بەرایەکی گەورە
بۆ ژن و منداڵەکانمان.
ساڵێ دوای ئەوەی سەرمان ئاودیو دەبێ
ئەوان، ژووری کتێبخانەکانمان
بەتاڵ دەکەن
سەرجەم کتێبەکان دەخەنە ناو
فەردەی گەنم و
گوشی پەتاتە و
کیسەی چیمەنتۆ و
عەللاگەی نایلۆنی پڵاو و
کارتۆنی قەبە،

لە لاژوورێکی هەورەبانەکەی کەﻫەکە دەکەن
دوو ساڵ دواتر
ژنەکانمان،
دوای شەکەتی و
ماندووبوونێکی یەکجار زۆر
بە مۆشك و دەروونێکی هیلاك و داتەپیوەوە
بە بێزاریيەکی تاقەت پرووکێنەوە
کارتێن و فەردە پەﻫکان
نایلۆن و گوشە پەتاتەی پێ بیرەوەری
بە مەمنوونییەوە
بە دیاری دەدەنە سەنتەرێکی لاوان
لە لاکێﻫانێکی گەﻫەکەکانمان،
دواتر دێنەوە ماڵەوە و
دەستی ئێخەی بەرز دەکەنەوە
بە ئیسراحەت و
دێ و دەروونێکی خەم لێ بۆاو
بە مۆشکێکی سافەوە
لە ژووری کتێبخانەکەی ماڵەوە
ﻫەمن، ﻫەمن
لینگی لێ ڕادەکێشن و
لێی دەخەون.
کتێبەکانمان لە سەنتەرەکانی لاوان
دەبنە خۆراکی مۆرانە و مۆروو.
شەممەی دواتر،
ژن و منداڵەکانمان
ژووری کتێبخانەکەی ماڵەوەمان
دەکەن بە ژووری نانخواردن
پێی دەکەن لە کاونتەر
کەوچك و پلێت و قازان،
ﻫەژانی ﻫەینی
دەعوەتی قەبەقەبەی لێ دەکەن
ﻫەر کە تۆر دەبن
عرت عرت پێدەکەنن.
لێناگەﻫن دراوسێ ماندووەکانیان
سەرخەوێ بشکێنن
کە تازەکێ، لە قوڕکاری و شێلمفرۆشی و
نێبەتداری ﻫاتوونەتەوە.

ئەسکانی خەیاڵی منداڵی؛ بە پرسیار(؟) … بەتان لەتیف ماویلی(پایان).

(لە یادداشتەکانمدا):

وەختی منداڵ بووم؛ لەپیرەمەردو مام سۆفیەکان گوێم لێ دەبوو دەیانگوت: ئەها کوڕم مەیمون چی لێهاتیە؟!.. ئەو بەشەر بووە، ئادەمیزادی خوای بوو پێشی، بەس بە فەرمانیە خوای گەورەی کرد وبە خوایی زەر کردن !.. خودای گەورەش زۆری ئاگادار کردەوە تا بەخەدابچیتەوەو بگەڕێتەوە لای خوای.. بەس سەرنەکەو بە ئاقر بوو، بەخەدانەچەوە!.. خوای گەورەش ئیوەی لێکرد وسەرگەردانی کرد لەخە با هێ وە دارا هەرچی وبێتە خوارێ!.. لەیەی وەلێکرد تا ببیتە عیبرەت لە هەموو ئینسانەکی!.. کەبەک گەورە بووم وسیپارەی حوجرەم لەماڵەوە لەکن باوکم دەخوێند، کەلکە لێکدەرەوەیەکی پیتەکان بووم، وشەو هەستە زەر بەدژواری لەگەروومە داتنەدەرە وەزارم دەپشکوتن ودەبوون بەدەستەواژە، دوایە چووم مەکتەبە و، لەوە مامۆستای وانەی زینەدەورزانی؛ لەزاری داروینەوە وێگەتینە کە: بنەڕەتی مرۆڤ لەمەیمونەوێە، وردە وردە پەڕەی سەندوەو تا بوویتە مرۆڤ، واتا مرۆڤ لەسەرەتادا مەیمون بووە، دواتر جێستەیی ودەروونی وعەقڵی گەشانکاری وپێشکەوتنی بەسەردا هاتووەو پەڕەی سەندووەو بۆتە مرۆڤ(بیردەزی پەڕەسەندن)!…
ڕەک ئەوەی بەمنداڵی گوێم لێ ببوو؛ لەمەکتەبە عەکسەکەیم بەهاتەوە لەئیمتیحانەم.. جاوەڕە سەری لێ دەرکە لەو ژیانەی!؟.. بەمنداڵی دەرسەکەت پەڕەن، وەختی گەورە بووی لە ئیمتیحانە دەبی عەکسەکەی بنووسی دەنا ساقیتبی!؟.. ئاستی جێی لە هوردبوونەوەو سەردامانە!.. ئەستاش تێیان نەگەیاندم مەیمون لەمرۆڤەوە بەو قناغی گەیشتووە یان بەپێچەوانەوە!؟.. ئەمەیە ئەسکانی خەیاڵی منادی بە پرسیاری چەنی وجەری!؟..
لەهەمووی گرینگتر؛ لەژیانی هاوڕێکەدا وەختی دەبینن سادەی وکەیفت بەخە هەڕکەشان نایەت، خەڕکانێک ڕەنگە بڵێن: ئەو کەسێکی لاوازە. وەختی بانگەشەی لەبوردەیی وپاکی دەکەی، وا دەزانن لێیان

دەترسی!؟.. وەختی دڵنی ژیان بریتی نیە لەفەلسەفەی سادیزم(ژیان لەسەر حسابی خۆک) دڵێن: بەخوای فەقیری!؟..
گوم لە پستەپستەک بوو؛ لەژێکانی خیالم بەدوای ئاوازی ستەکانیان دەگەڕان، کەتەماشام کرد، لەئاوێنەکە وێنەی کەلەردج وشکسپیرم دیت، پێکەوە گفتوگۆیان بوو.. بەک لەئاوێنەکە چوومە پێشەوە!.. دیاربوو کەلەردج بەسەرهاتێکی خۆی بوو بە شکسپیری باس دەکرد، هەر بەردەوام بوو پێی دەگوت: زەر جار لەخەیاڵ وێستم؛ لەتەوانینم؛ بەچووون ولەچووونی ئەوە دەپشکووون، کەمرەقینیم لەخەهەپەساردنم دایە، واتە ژیانی تەنیایی ولاتەریک بوونم لەکەمەگەو کەی ئادەمیزاد، هەنگە بەە ئاسودەیی وداکاسانکم پە ببەخشن!.. هەرچی بەەاستی وبگەردیەوە؛ هەز دەنووێنی بەرامبەر بونەوەرکی ئادەمی، ئەو هەنگە دەرفەت وەربگرێت دزی وخیانەتت لە بکات!!!.. ناوو ناوبانگت بخاتە ژەر پرسیارەوە!؟.. گومان ودوو دڵی لەەت ابخات.. هەروەک هەوەەکانت بە استکردنەوەو ژیرکردنەوەی ویست وئارەزوو هەوەست وخووە نەشیاوو نەەواکانی و؛ وە ناوو ناوبانگت بقەزێتەوەو بەخەراب کەەکی لە وەربگرێت!.. یان هیچ نەبێت خۆی لەدەست بدات وبکەوێتە دەست کەسی سێیەم و، ئەویش لەوپەڵی ترسنۆکی و لەبەی جوامێری وهەوەی استکردنەوە؛ بە کاری نەشیاوترو شەرمەزارانەتر لەدزی هەنوێنی بکات!..
بەردەوام بوون لەگوفتار، تائەوەی دوا پەیڤیان بەنیازی دیدارێکی دیکە ئەوە بوو کە هەریەکەیان بە ئەوی دیکە؛ پشتەاستی ئەوەیان دەکردەوە کە گوزاشتیان لە دەکرد.. دواتر شکسپیر دەستێکی خستە سەر شانی کاکی هاوێیی (کەلەردج) وپێی گوت: کاکە کەلەردج؛ ئەزانی چی؟!.. هەرچی بێت؛ پەیستە بەبایەخەوە لەمرەڤ بەوانین، لەهەر دەخێک بێت!..
پاشان خواحافیزی لەکرد وبەدەم هەگاوە، لەگەڵ خەیاڵی؛ پاشماوەی گفتوگۆکەی درێژە پێداو دەیگوت: گرینگ ئەوێیە مرەڤ بوونم لەدەست نەدەم، هەر نەرم وئارام ولەبوردە بم، بەرامبەرم هەر چۆن بێت..دەی خە ئەگەر منیش پەرچەکردارم وەک کارەکەی ئەو بوو؛ قەزوون ونامرەیی وبەد هەوشتی وناشیرینی ودزی وخیانەت وکاری ژەربژەری وبەدزی وتاد… ئەوە منیش دەمە هەزی ئەو، بەیە باشترە من کار بە سەرخستن وساغ کردنەوەی پەیام وگرینگیەکەی خەم بکەم ، کەهەر لە ماەوەەا فەری بووم (سادەیی وبگەردی ولەبوردەیی وبەوابوون بەئاشتی ودوان، مرەیی بوون لەئاوەزو ئاوەو اامان وهەروەها لەەەفتارو هەەسوکەوت وگوفتارداا، سەربەرزی و بوێری واستگەیی وساغی وبە پەچ وپەنایی، نەک بەس بەبەرژەوەندی خەم وخود پەرستی، بەشداریکردن لەچاکەی گشتی وچاکە کەردن بەگشتی وهەروەها وەک وەەامەک لەبەرامبەر خەرابەی

خراپکارێک، بیر نەکردنەوە لە... و تاد...). ئیدی بەهیوای بەختەوەری هەموو مرۆڤێک بەمەیمونیشەوە!..

بۆتان لەتیف ماویلی(پایان).
٢١ ی ١٠ ی ٢٠١٣ ALEX

کێرکوک پێیوستی بە ڤیفراندەمێکی نێک شێوە ئاسا ..... ئاسۆ کەمال

ئەنجومەنی پارێزگاری کەرکوک بە هاندانی پارێزگار بەیاری هەڵکردنی ئاگای هەرەمی کوردستانی لە سەر فەرمانگە فەرمیەکانی ئەو شارە داوە و لەبەرامبەریشدا خەڵکی تورکمان و عەرەبی کەرکوک لەکەوتەوە. کەرکوک وەک شوێنەکی پڕکێوە ژیانی دانیشتوانەکی فرەزمان کە کێشە لەسەر لە نێوان دەوڵەتی عەراق و کوردستاندا پێویستی بەیەکلاکردنەوەی چارەنوسە سیاسیەکەی لەڤیگای ڤیفراندەمێکی گشتی و ئازادانە بەسەر پەرشتی نەتەوەیەکگرتوەکان.

بەڵام یەکێتی و پارتی لە ١٤ ساڵی ڕابردودا نێک هیچ بەرنامەیەکی جدیان بۆ بەرپاکردنی ئەم ڤیفراندەمە نەکردوە کە حکومەتی عەراقی ڕێگری لەکردوە و پشت دەستور و دوای دەستوری عەراق. بەتایبەت لە ٢٠١٤وە کە دەسەڵاتی ئەو شارە ڕاستەوخۆ بەدەست یەکێتی وپارتیە بیانوی ئەو ڕێگریانەش نەماوە کە ڤیفراندەمێکی ئازاد بەرپابکەن. ئێستا لە جیاتی ڤیفراندەم نوێنەرانی ئەم حزبانە دیانەوە بە گوێدان بە ڕای خەڵکی کەرکوک بە کورد و تورکمان و عەرەبەوە لە ڕێگەی شەڕی ئاگاوە دەخێکی نائارام و ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکی ئەم شارەدا دروست بکەن. خەڵکی عەرەب و تورکمانی کەرکوک ئەم هەنگاوە بە سەپاندنی ڕەمزی حکومەتی هەرێم بەسەر کەرکوکدا بە ئیفتیزازێک دەزانن کە نیشانی دەدا حزبە کوردیەکان هیچ حسابێک بە ڕێگاچارەی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کەرکوک ناکەن و لەپشتاوشاردنەوەی ڕوخساری گەندەڵی و پاوانکردنی داهاتی کەرکوک ئەم هەنگاوەیان ناوە. هەربۆیە ئەم شێوازوڕێگایە کێشەو ئاڵۆزی سیاسی و شەڕی قەومی بە خەڵکی کەرکوک دروست دەکا.

ەگا بە هەگیرسانی شەک لەگەڵ حزبە سونی و شیعەکانی عێراق و فرسەت بە ئێران و تورکیا دەدا بە دەستوەردان و بیانوگرتن و پیلانگێڕی لە هەرەمی کوردستان. هەربۆیە دەبێ ئەم هەنگاوە هەڵوەشێتەوە و لە جێگای ئەو خەڵکی کورکوک داوای بڕیاکردنی ڕیفراندەم بکەن بە یەکلاکردنەوەی چارەنوسی کوردستان بەوەی بچێتە سەر هەرەمی کوردستان یا خود لەعێراقدا بمێنێتەوە. وەگرتن لەم هەنگاوە یەکلایەنانە وەگەڕ بە ئەو خەش دەکا هاوپاتیانی کورکوک لە کەشکی دوور لە کینەوکەشەی قەومی و بەشەویەکی ئازادانە بیاری دروست سەبارەت بە چارەنوسی شارەکەیان بدەن و ئاکامی ڕیفراندەمەکە لە ئاستی شارەکە و ئاستی نەودەوەتیدا قبوڵ بکرێ.

لە ژیانمدا ناتوانم دوو ڕووداوی ئازاربەخش لە بیربکەم ... ئەحمەد ڕەجەب

لە مژەوە حزبی شیوعی عێراق هەر لە سەرەتای ڕژمی پاشایەتی بگەنی بەکرگیراوی وپاتانی کەلنیالیزمی بریتانیاو ئەمریکادا دووچاری شاوی هەرش بووەتەوە، هەروا ڕووبەڕووی هەرشی ڕژمە دیکتاتۆرییەکان عێراق بووەتەوە، لە هەموویان بفەرو چەپەتر دیکتاتۆرییەتی سەدام حوسەین و حزبی بەعسی عەرەبی درندە.
پیشەی ئەو ڕژمە درندە سەرکوتکەرو خوێنمژانە ڕاونان و گرتنی شیوعییەکان و نیشتمانپەروەران بووەو، پاشان کەوتوونەتە گیانیان بە لێدان و ئازاردانی وەحشیانەو لە سێدارەدانیان و، شیوعییەکان پشکی گەورەیان بەر ئەکەوێت و، لەم ڕووەوە پێشەنگن و، لە سێدارەدانی یوسف فەهدی قارەمان سکرتێرو دامەزرینەی حزب و، هاوریانی ئازاو نەترس حازم و صارم دەستپێئەکات و، شاوی دێزی دوژمنان درژەی هەبوو، ئەم قارەمانانە بەرکەوتن و لە سێدارەدران: سەلام عادل سکرتێری حزب وهاوڕیانی سەرکردە: جمال حەیدەری، جڕج تەڵ، محەمەد صالح عەبەلی، محەمەد حوسەین ئەبوالعیس، حەسەن عوێنە، هەمزە سەلمان، نافع یونس، مەهدی حەمید، مونزر ئەبوالعیس، جەلال ئەلئەوقاتی، فازل عباس ئەلمەهداوی، ماجد محەمەد ئەمین، وەصفی

تاهیر، تەها شێخ ئەحمەد، سەتار خزەیر، عەلی حوسەێن بەرزنجی، مارف بەرزنجی، رەووف حاجی قادر، عادل سەلیم، کازم ئەجاسم و، ئەم لیستە زۆر درۆژەو بە یەك نووسین کۆتایی نایەت و، چونکە هەزاران شیوعی و نیشتمانپەروەری تر لە سێدارەدراون.
لە بزوتنەوەی پێشمەرگایەتیدا حزب دیسانەوە تووشی شەر هات و بەرەنگاری رژێمی فاشسیستی سەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبی بووەوە، لە گۆرەپانی شەرکردن دژ بەو دوژمنانەو، لە پێناو رزگاربوون لەو بکوژەێ خوێنمژانە ژمارەیەکی زۆر شەهید خوێنی ئاڵی خۆیان بە گەل و نیشتمان پێشکەشکردو، لەوانە قارەمانان: نزار ناجی یوسف، سیدو خلو الیزیدی، عمیدەعەزبی حالوب، مولازم حەسان" مولازم بروا، مولازم سامی، مولازم حامد. مام کاوەیس، بەکر تەلانی، ئەحمەد حەساری، رەووف حاجی محەمەد{ جەوهەر}. مونالیزا ئەمین، عەلی عەبدوالکەریم {عەبیر}، صلاح حەسەن { مامۆستا خالد}، رەسمییە جەبر {ام لێنا}، خەلیل رەزا کەبابچی، علی حاجی، مام رەسولە سوور، ئەبو ڤیان، ئەحمەدبازکا، مامۆستا ئەنوەر، ئەبو فوئاد، عەلی عەرەب و، لیستی شەهیدانی حزب و پێشمەرگەکانی زۆر درۆژەو قەت بە پەرەیەك یان دوو لاپەرە کۆتایی نایەت و، ئەبێت بە چەند کتێبێك ناوەکان تۆمار بکرێن.
پێشمەرگەکان ساڵانە لە رۆژی دامەزراندنی حزبدا لە مەفرەزەو بارەگاکاندا ئاهەنگیان ئەگێرا، بەڵام لە ساڵانی 1986 و 1988 بە هۆی رووبەروو بوونەوەی دوو رووداوی ئازار بەخش نەیانتوانی ئاهەنگ بگێرن.

رووداوی یەکەم:

بارەگای مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك و بارەگای بەتالیۆنی 9 ی سلێمانی لە گوندەکانی چەمەك و سپیار بوون و، تەنها 500 – 600 مەتر لە یەکەوە دوور بوون، پێشمەرگەکان چەندان ژووری جوانیان دروستکرد بوو، لە مانگی شوبات و، لە رۆژی 15/2/1986 دا، سوپای ئێران بە هێزکی گەورەوە لە ئوپراسیۆنی وەلفەجر 9 هێرشیان کردە سەر سەنگەرو مۆگاکانی سوپای عێراق و، زۆر بە ئاسانی توانیان دەستبگرن بە سەر گوندە چۆکراوەکانی شارباژێرو قەزای چوارتاو، هەندێ شوێنی دیکەی نزیك بە شاری سلێمانی.
بارودۆخی ناوچەکە گێراو، هاوری و پێشمەرگەکانی حزب لە گەڵ سەربازی ئێرانی تووشی کێشمەکێش ئەبوونەوەو، لە هەر جوڵەیەکدا داوای پسوڵەی هاتووچۆیان ئەکردو، لە کاتی ئاخافتندا پێشمەرگەکان ئەیانوت ئەمە خاکی خۆمانەو پێویست بە پسوڵە ناکات و، لە وەامدا

ئەیانوت ئەم خاکە، خاکی ئیسلامەو، لێرەوە رێگا ئەگرینەبەر بەرەو شاری کەربەلا ئەرۆین، (لە شاری کەربەلا ئارامگای حەزرەتی حوسەین و حەزرەتی عەباسی لێیە)..
لە رۆژێکی ساردی شارباژێردا ژمارەیەك ئەفسەرو سەرباز خۆیان کرد بە بارەگای حزبداو، داویان کرد ناوچەکە چۆل بکەین و، وتیان ئێوە ئەزانن ئەم ناوچەیە بە هۆی جەنگی عێراق و ئێران بووەتە ناوچەیەکی سەربازی و، ئێمەش گفتوگۆمان لە گەڵ ئەفسەرەکان کردو، ئەوان کەلەرەق بوون و، لە سەر داوەکانیان سوور بوون و، لە کۆتاییدا وتیان ئێرە ئەکەینە خەستەخانەی گەرەپانی شەرو، لە پاش کۆبوونەوەی بەرپرسانی مەڵبەند و بەتالیۆن بریاردرا ئەم بارەگانە چۆل بکەین و، بە دووای شوێنی نوێ بگەرێن و، لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو لە رۆژی دامەزراندنی حزبدا لە {31} ی ئازاردا لە بارەگاکان چوینە دەرەوە..

رووداوی دووەم:

لە مانگی ئازاردا سوپای رژێمی دیکتاتۆری جانەوەر دەستیکرد بە پرۆسەی ئەنفالی دژو چەپەڵی بەدناوی ئەنفالی (2) وهۆرشیان کردە سەر ناوچەی بورجی قەرەداغ، شایانی باسە هاوڕیانمان پێش هۆزی حزبەکانی دیکە بەرنگاری هۆرشی دوژمن بوونەوەو، لە یەکەم رۆژدا قارەمان { بارام حەمە رەزاو لە 24/3/1988و، لە رۆژی دووەمدا شوان محەمەد ئیبراهیم – شوانی حەمە قتوو لە 25/3/1988} شەهید کران و، هەر لەم رۆژەدا هیزەکانی دوژمنی ترسنۆك بە هۆی هاوشتنی تۆپ ناوچەکەی ئاگر باران کردو پەرەی بە هۆرشەکانیداو، لە قۆڵی دەربەندیخانەوە هۆزکی گەورەی ناردو پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی 7 ی هەورامانی حزبی شیوعی لە گەڵ هاوڕیانی بارەگای مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك شۆرانە لە گەڵ هۆزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە قەڵاقایمز بەرەنگاری بوونەوەو، هاوکات هۆزەکانی حزبمان: بەتالیۆنی 7 ی هەورامان لە دژی شیوی قازی و، بەتالیۆنی 9 ی سلێمانی لە دژی کەسنەزان و، بەتالیۆنی 15 ی قەرەداغ لە کۆشکی خواروو مەڵبەندی سلێمانی و کەرکوك لە دژی ئەستێی سەرو کەوتنە خۆ ئامادە کردن و، لە کۆبوونەویەکی کورتدا بە بەشداری کادیری عەسکەری و سیاسی لە 30/3/1988 بریاردرا: ناردنی هەموو خۆزانەکان بۆ ناو شارەکان و، بە زووترین کات بریارەکە جێبەجێ بکرێت چونکە دوژمن بە نیازە دەستبگرێت بە سەر ناوچەکەداو، هەروا بە رۆکەوتن لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی { دوو هۆزی سەرەکی گەرەپانەکە} ناوچەکە چۆل بکەین، ئەوە بوو لە 31 ی ئازاری 1988 دا { رۆژی دامەزراندی

حزب} بەرەو گەرمیان کەوتینە ری و، ناوچەکەمان چۆل کرد..
پیرۆز بێ رۆژی 31 ی ئازار و، سەرشۆری و مردن بۆ دوژمنان.

للإطلاع بالعربية:
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=511303&r=0&cid=0&u=&i=0&q
http://www.bahzani.net/services/forum/showthread.php?117782-
https://www.al-nnas.com/ARTICLE/ARjb/30k.htm

بەیانامەی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری چەپی عێراق، لەسەر هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک!!

نا بۆ خۆتان، نابێ ئاڵاتان ، نا بۆ ئەزمونی شکست خواردوتان، نابێ ناسیۆنالیزم و تەفرقەی قەومیتان!!
ئەوە چەند هەڤڕکێ لەلایەن حزبە ناسیۆنالستیە کوردیەکانی شاری کەرکوکەوە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو شارە کراوەتە بەهۆکی گۆڕە لە فەزای بارگاوی شاری کەرکوکدا و هێشن نیە سەرنجامەکەی بۆ کوێ کۆتایی دێت. هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەر دام دەزگاکانی شاری کەرکوک کراوەتە بابەتێکی داغ، لە کاتێکدا هیچ پاساوێک بوونی نیە بۆ ئەم گەرم کردنەی تەنوری نەعرەتەی قەومی و دەمارگیری و هەڵخاندنی ئیحساساتی ناسیونالستی و فاشستی لە شارەکەدا.
هەر ئەمە وایکردوە حکومەتی عێراق ڕایبگەیەنی موچەی فەرمانبەرانی شارەکە دەبڕێت و خەڵکی هەژاری ئەم شارە ئەوەندەی تر توشی نەهامەتی دەکات، هەموو خەڵکی ئەم شارە زۆر باش دەزانن کە نەوتی کەرکوک لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە دەدزرێت و بۆ تاڵان دەبرێت و خەڵکی ئەم شارە لە کەمترین پێداویستی مەحرومن، ئەوان بەم کارە دەیانەوێ تاڵان و بڕی نەوتی شارە کە بشارنەوە، هەرچۆن لە سەراسەری کوردستان نەوت و غازکەی دەفرۆشن و سەرجەم خەڵکەکەی بێ بەش و مەحروم و بێ موچەن.

ئەزمونی ناسیونالیزمی کورد شکستی خوردوە بە پەرلەمان و حکومەت و هەموو دام دەزگاکانیەوە، سەرتاپای خەڵکی کوردستان لەم دەسەاتو لەم ئەزمونە ناڕازین نینەوەن و بە دەسەاتی دز وگەندەڵی دەزانن دەیانەوی بڵێن و بەدەنگی بەرز ڕایان گەیاند" بەوخی دز". ئەستا ئەم حزبانە دەیانەوە کەاو بکەنە سەر خەڵکی کوردستان وبەناوی کەرکوکەوە ئەیانەوە ئەم شکستیان بشارنەوە و بەری پە بگرن بە قەولی پێشینان " تا خاوەن ماڵ دزی گرت، دز خاوەن ماڵی گرت" ئەوان دەیانەوە دەستی خەیان پێش بخەن و دەسەاتە گەندەڵ و دزکەیان توند تر بکەنەوە.
ئەوان بەم هەنگاویان دەمارگیری نەتەوەی و ڕق و قینەی قەومی و ئەثنیکی توند دەکەنەوە، هەر ئەستا بار گرژی کەوتوتە نێوان پێکهاتەکانی ئەم شارەوە، ئەگەر خەڵکی شارەکە وەئاگا نەیەن قەسابخانەکانی ساڵی ١٩٥٩ دوبارە دەکەنەوە و دوژمنایەتی لەنێو هاوڵاتیاندا قوڵتر دەکەنەوە و ئەگەری شەڕکێی نەخوازراو هەڵدەگیرسێنن لە شارەکەدا.
ئەمە ئەم هەوڵانە ڕسوا دەکەین و بانگەوازی سەرجەم خەڵکی شاری کەرکوک دەکەین دوای هات و هاواری نەتەپەرستی و فاشیزمی قەومی نەکەون نابنە بەشێک لەم هەڵاو زنایە کە حزبە ناسیونالستیە کوردەکان هەڵیان گیرساندوە و حزبە تورکمانی و ئیسلامیەکان لە شارەکەدا باوەشێنی دەکەن. هەر چەن خەڵکی ئەم شارە داعشیان تێک شکاند، بەهەمان شێوە پەویستە ئەم هەوڵانە خونسا بکرێنەوە و ڕسوا بکرێت لەلایەن خەڵکی ووشیارو تێکۆشەرەوە تێک بشکێنرێن. ئەوان لەلایەکەوە بە دوای دزینی نەوتی کەرکوکەوەن و لەلایەکی ترەوە بەدوای قەرەبووکردنەوەی شکستەکیانەوەن لە کوردستاندا، لەم هەڵگایەوەش دەیانەوەی شەڕی قەومی لە شارکەدا هەڵگیرسێنن و باکیان لەوە نیە موچڕی خەڵکی دەبەرڕەت یان نا، خەڵکی نوقی خوێنی شەڕی ناڕەوای قەومی ئەوان دەبەت یان نا. خەڵکی کوردستان بە خەڵکی کەرکوکیشەوە ئەم دەسەاتە و ئەم مافیایانەیان ناوە، دەیانەوی بەهەر نرخێک بووە لەکەڵیان ببنەوە، لە جێنشینیدا دەسەاتیکی موتەمدەن و سکیولار و ئازاد و یەکسان کە خەشگوزەرانی بە هەموو خەڵک دابین بکات، دابمەزرێنن.
شەرمەزاری بە ناسیونالیزم !!

حزبی کەمۆنستی کرێکاری چەپی عەراق
٢٩ شوبات ٢٠١٧

مەرگی پەنابەرێکی ژاپۆنی لە شانۆگەریەکدا لەتاران نمایش کرا

لە شانۆگەریەکدا و لەژێر ناونیشانی "مانوس" دا ، مەرگی پەنابەرێکی ژاپۆنی لە دوورگەی مانوسی پاپانیوگینیا لە تارانی پایتەختی ئێران نمانیش کرا.
نازەنینی سەهامیزادە ، کە دەرهێنەری شانۆکەبوو ، بە ئاژانسی هەواڵی فیەرفاکس میدیای ڕاگەیاند کە ئەوان بەرپرسانی باڵای ناو وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیان بانگێشتکردبوو بۆ بینینی شانۆگەریەکە چونکە بە ووتەی نازەنین ، پەیامی شانۆکە پەیوەندی کاری بەرپرسانی ئەو وەزارەتەوەیە. ئەمەش وەك ئاماژەیەك بۆ ئامادەبوونی جێگرێکی وەزیری دەرەوەی ئێران، عەباس عراقچی ، لەکاتی نمایشی شانۆگەریەدا.
چیرۆکی شانۆگەریەکە باسی لە تراژیدیای گیانلەدەستدانی هەزا بەراتی دەکرد کە ئەویش پەنابەرێکی کورد بووە ، کەلە بنەچەدا خەڵکی پارێزگای ئیلامی ژاپۆنی کوردستانە، کەلەشەوی 17 ی شوباتی ساڵی 2014 دا لە دوورگەی مانوسی پاپانیوگینیا لە پێکدادانێکی نێوان پۆلیسی کەمپەکان و پەنابەراندا گیانی لەدەستدا.
پەنابەرانی دوورگەی مانوسی پاپانیوگینیا و ناوڕ ئەو کەسانە بوون کە پێشتر ویستویانە بە قاچاخ و لەڕێگەی بەلەمەوە خۆیان بگەیەننە ئوسترالیا بەڵام لەلایەن ئوسترالیاوە دەستگیرکراون و هەوانەی ئەو کەمپەکانی ئەو دوو دورگەیە کراون و هەرگیز ڕێگەیان پێنادرێت داوای مافی پەنابەرێتی لە ئوسترالیا بکەن. ئەم سیاسەتەش بۆتە جێگەی نیگەرانی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی پەنابەران و بەپشێلکاریەکی ئاشکرای مافی ئەوانی دەزانن.

ئامادەکردنی: هێژار تۆها